# مهاباد له مابەینی دوو شەڕ دا

## بەشی 2

## شکستی گەورەی هێزەکانی رەزاخان بۆ جاری دووهەم و کوژرانی خالۆ قوربان له ئاوریلی 1922ی میلادی دا (29ی رەمەزانی 1301ی ه.ش)

دوای به بن به ست گەیشتنی وتووێژەکانی سێر پرسی کاکس و سمکۆ و دوای شکستی هێزەکانی مەلیک زاده و رەزاخان له مهاباد ، ئێستا ئینگلیسیه کان له هەموو کاتیک زیاتر به و باوه ڕه گه یشتبوون که دامەزرانی حکوومەتێکی به هێز بەڵام دەسته مۆ و لایه نگری خۆیان له تاران که بەرجه وەند یه کانی ئه وان له هه موو وڵات دا بپارێزێ باش تر له کوردستانێکی سه ربه خۆ له شیماله که ئیحتمالەن بلشویکه کان دەستی به سەر دا بگرن بۆیه به مەنزووری تەریک خستنه وەی سمایلاغا و قایم کردنی قەدەمی قارەمانی کودەتا له ئێران دەستیان به نیشا ندانی کردەوەی فریوکارانه کرد . ئه و فریوکاریانه وا سیاسەت مه دارا نی شووڕەویان تووشی هەڵه کرد که ورده ورده باوەشیان بۆ قارەمانی ئه سڵیی کودەتا کردەوه . له و هه ل و مەرجه دا سمکۆ نائومێد له پشتیوانی ئینگلیسیەکان به ناردنی هه یئه تێک بۆ باکۆ له ساڵی 1922دا مه یلی خۆی بۆ پێوه ندی گرتن دەگەڵ ئه وان ئاشکرا کرد ئەما کاتێک ئەو هه یئەته گه یشته باکۆ که ئێران و شووڕەوی به بەستنی په یمانێک کۆتاییان به هەل و مەرجی پێش شه ڕی جیهانی هێنابوو و قوشوونی شووڕەوی خاکی ئێرانی به جێ هیشتبوو. ئێستا رەزاخان زیاتر له هه موو کاتێک زەمینەی له شکر کێشیی بەرەو ئازەربایجان و کوردستان ئاماده دەدی بۆیه له مانگی ژا نویەی 1922 دا سەرهەنگ شیبانی فەرماندەی لەشکری شمال غەربی بۆ هه ڵسه نگاندی باروودۆخه که رەوانەی ته ورێز کرد.

شیبانی دوای تەداروکەتی پێویست له ئاوریلی هه مان ساڵ دا هێزیکی گەورەی به فەرماندەری خالۆ قوربان که له ژێر نەزەری رەییسی ستادی ئەرته ش سەرهەنگ که یکاووس و سەهەنگ شەهاب و بەهادورولسەلتەنه دا دەجووڵاوه بەرەو مهاباد بەڕێ کرد . ئەو هێزه له دەوروبەری مهاباد دامەزرا و ئامادەی شه ڕ و پێکدادان بوو. شەرحی باقی ماجەرا له رۆژنامەی کورد ئورگانی جووڵانەوەی سمایلاغا شومارەی 2دا که ئەو کات له ورمێ ده ردەچوو ئاوا هاتوه.

هەواڵنێری ئێمه دەنووسێ:

کوژرانی خاڵۆ قوربان و شکستی ئوردووگاکەی بۆ ئاگاداری خوێنەرانی بەرێز روون دەکەینەوه . 28ی مانگی رەمەزان (1340) له کاتێک دا ئوردووی کورد له ژێر فەرماندەیی سەید تەها ئەفەندی له نزیک ئاوایی قۆزلووی خاکی هەوشار ئامادەی هێرش بوو بۆ سەر شاری سایین قەڵا، خەبەری هاتنه پێشی ئوردووی خاڵۆ قوربان له میاندواوەوه بەرەو شاروێران و مهاباد له لایەن دووسواری ئاغای سەرداری موکریه وه گەیشت. بۆیه فەوری هێزی کورد گەڕاوه بەرەو مهاباد و شەوی 29ی رەمەزان له بۆکان مانەوه و سبەینێ زوو وه ڕێکەوتن و شەوێ هاتنه ئاوایی دەرمان و 2 سەعات پێش بەرەبه یان له دەورووبه ری ئاوایی دەرمان ، رەییس عەشیرەکان دەگەڵ سەید تەها راوێژیان کرد و چۆنیەتی هێرش بۆ سەر ئوردووی خالۆقوربانیان ئاوا دارشت . جانگیر بەگ له عێلی هەرکی ، ئەسکەندەرخان خەڵکی ناوچەی برادوست ، هەمزاغای مامەش و ئەمیرئه سعه دی دێبوکری و سالار سەعید له خه تی لاچینەوه دەگەڵ باقی هێزەکه له دوو قوڵی دیکەوه وێکرا هێرش بکەن و ئاور لەسەر پشتی دوژمن بکەنەوه.

ئه میرولعەشایر و ئه میرئەسعەد وسالار سەعید به گوێرەی قەرارله بەرەبەیانیی 29ی رەمەزان له سەر کێوی زاواوبووکانەوه هێرشیان کرده سەر ئوردووی خاڵۆ قوربان که ئامادەی جەنگ له داشامەجید دامەزرابوون . شەڕێکی دەسته و یەخه دەستی پێکرد . سوارەی کورد لووزەوی ئه سپیان خسته نێو لەشکری عه جەمەوه وبه لوولەی تفەنگ چادریان لەسەر هەڵدانەوه و له سەنگەرەکانیان دەریان پەڕاندن . عیدەیەک ئەسیر و عیدەیەک کوژراو و ئەوی دیکه بەرەو ئاوایی ئیندرقاش بۆ لای خاڵۆ قوربان هەلاتن .

سوارەکانی ئەمیرولعەشایر ئاغای حاجی ستوەتولسەلتەنە حوکمڕانی مهابادیان بە دیل گرت و سوارەکانی ئەمیرئەسعەدیش مترالیوزێکیان(موسەلسەل) گرتبوو.ئەسپ ویەستر و جبەخانەیەکی زۆریش دەستکەوت بوو. ئەمیرولعەشایر و ئەمیرئەسعەد و سالارسەعید دوای فەراغەت لە کوشتن و ئە سیر کردنی ئەو هێزەی لە داشامەجید بوو عیدەیەک سواریان وەدووی هەڵاتوەکان خست و بۆخۆشیان هێرشیان کردە سەر عیدەیەکی دیکە لە ئوردووی خالۆ قوربان کە لە سەر بەرزاییەکانی خەزایی سەنگەریان گرتبوو. دوای پێکدادانێکی کورت ئەو هێزەش هەڵکەندرا و هەڵات. لە وانیش عیدەیەک کوژرا وژومارەیەک ئەسیرکرا و ئەسپ و تفەنگێکی زۆر وەدەست کەوت. سوارەکانی سالارسەعید لەوێ مترالیوزێکیان گرت وکاتێک هەڵاتوەکانی ئە و دوو شوێنەی کوتمان بەو وەزع و حاڵەوە گەیشتنە ئێندرقاش ، باقی ئوردووەکەی خالۆ قوربان ترسیان رێ نیشت و دوودڵ بوون و دەستیان بە هەڵاتن کرد لەوکاتەدا ئاغایانی مە نگوڕ و هە رکی و زەرزا لێ یان بادانەوە و لە شەڕ و پێکدادانێک داخالۆقوربان دەگەڵ عیدەیەک ساحەب مەنسەب و هێندێک کەسی دیکە کوژران و شومارەیەکی زۆریش یەخسیر کران. سوارەکانی سە ید تەها ئەفەندی 3تۆپ وسوارەی مەنگوڕ تۆپێک و سوارەی هەرکی مترالیوزێک و دووتۆپی گەورە و شومارەیەکی زۆر تفەنگ و ئەسبابی دیکەیان دەست بە سەرداگرت. خودی خالۆ قوربان بە قسەی هێندێک کەس بە دەستی سوارەی ئەحمەدی گوڵاویاغا ی مەنگوڕ خاوەنی ئاوایی بێنگوین و بە قسەی هیندێک کەسی دیکە بە دەستی ئەحمەدخانی هەرکی کوژراوە.

هەلاتوەکانی ئوردووی خالۆقوربان زوربەیان بەرەو ناوچەکانی خۆیان و دووسەد کەسێکیشیان بەرەو تەوریز هەلاتن و کولونێل نەسرولڵاخان رەییسی ئوردووی ژاندارمێریش کە لە سایین قەڵاوە بەرەو مهاباد دەهاتە پێش هیچ ئاگای لەو رووداوانە نەبوو و بە لووت بەرزیەوە گە یشتبوە بۆکان و دەیویست دەگەڵ ئوردووی خالۆ قوربان تێکەڵ بیتەوە . ئەمیر ئەسعەد بە بیستنی ئەو خەبەرە وەرێکەوت و فە وری خۆی گەیاندە ئاوایی میراوا نزیک بۆکان و ئەوە لە کاتێک دابووکولونێلیش گەیشتبوە نێو شا ری بۆکان . کە خەبەری کوژرانی خالۆ قوربان و هەڵاتنی ئوردووکەی بیست بۆکانی بە جێ هێشت و بەرەو سایین قەڵا گەڕاوە بەڵام سوارەی بەگزادە و سەردار موکری وەدوایان کەوتن وئەمیرئەسعەد و باقی ئاغایانی دێبوکریش بە غار چوونە یاریدەی سەردار موکری و ئاغایانی بەگزادە و لە کێوی پشت ئاوایی ئاڵبلاغ ئوردووی ژاندارمێریان گەمارۆدا و عیدەیەکی زۆریان کوشت و عیدەیەکیان یەخسیر کرد و غەنیمەتێکی زۆریان بەدەست هێنا.

لەو هێرشەدا سوڵتان عە بدولحە میدخان ئەفسەری ژاندارمێری کوژرا و کولونێل لەگەل ئەو عیدەیەی باقی مابوو شەوێ لە کێوەکە هاتنە خوارێ و بە بێ راهە دا بۆی دەرباز بوون. ئاغایانی فەیزوڵلابەگی تۆپێکی گەورەیان گرتبوو و بەرێیان کرد بۆ چاریە. لە راستیدا کردەوە و هەڵوێستی موجاهیدانەی هەموو ئاغایانی موکری لە رێگای ئەنجامدانی ئەرکی نەتەوەیی جێگای سپاسگوزاریە. ئینشائەللا بە عینوانی قەدرزانین لەو گوواره بڵێند پایەیەدا چاپی دەفەرموون .ع،ش بە نەقڵ لە (محمدتمدن)

ئەو خەبەرانە وای رەزاخان تووڕە کرد کە تێلگرافیکی بەو شێوەیەی خوارێ رەوانە کرد:

لە لایەن منەوە رەییسی بەشەکان بانگ بکەن و بە دروستی حاڵیان بکەن کە لە فکری گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان دا مە بن مەگەر ئەوەی سەرکەوتوانە دوژمنیان لە ناو بردبێ .

ئەو سەرکەوتنانە زۆر بەردەوام نەبوو و رەزاخان ئەوجار بە تەدارەکاتی زۆر بەرین تر ، لە 22ی ژووئیەی 1922 ژنراڵ ئەمانوللای جهانبانی بە تەجرەبەترین ئەفسەری ستادی کە خوێندنەکانی خۆی لە رووسیە تەواو کردبوو بە لەشکرێکی 15000کەسیەوە بۆ سەر سمکۆ بەڕی کرد . لەو هێرشە گەورەیەدا چاریە گیرا و فەرماندەی لەشکری ئازەربایجان لە تێلگرافێک دا وەزعە کەی ئاوا بە سەردار سپا راگە یاند.

(بە دوای راپورتی شومارە 171 بە حوزووری مە بارەک عەرزدەکەم هێزەکانی ئێمە ئە وڕۆ بیستەمی بورجی ئەسەد سەعاتی 11ی بەیانی قەڵای چاریە یان گرت و ئەو تۆپ و موسەلسەلانەی تا ئێستا لە هێزی دەوڵەتیان گرتبوو وەرگیرانەوە و دوژمن بە تێک شکاوی راونرا و هێزەکانی ئێمە بە دوای دوژمن دا بە توندی دەچنە پێش )

فەرماندەی کوللی هێزەکانی ئازەربایجان سەرتیپ ئەمانوڵا

ئەو سەرکەوتنە شۆرە تێکی زۆری پە یداکرد و تێلگرافی پیرۆزبایی لە هەموو شارەکانەوە بۆ رەییس دەوڵەت و سەردار سپا بەڕێ کرا و ئە میرانی لەشکرلە زۆربەی شارەکان بۆ شانازی کردن بەو سەرکەوتنە جێژنیان گرت . لە رۆژی 28ی ئەسەدی 1301 رەزاخان بۆخۆشی بە شانازی ئەو سەرکەوتنە لە مەیدانی مەشق (باغ ملی) جێژنێکی بە رپا کرد هەموو ئە فسەرەکان لەو جێژنەدا بەشداریان کرد و دوای خواردنی شام رەزاشا وتارێکی گرینگی بەیان کرد کە بە هۆی ئەهمیە تیەوە بەشیکی لێرەدا دەنووسمە وە .

(ساحە ب مەنسەبە رەشیدەکانی من ، بێ هیچ پە ردە و پۆششێک لە من ببیستن و لە بیرتان بێ کە پێک هاتنی ئەوشەوە وئەو گورانیانەی کە لەو مەجلیسە پڕ لە خۆشەویستیە لە هەموو عاسمانی ئێران دا دەنگ دەداتەوە فەسڵێکی تازەیە کە لە کتێبی شانازیەکانی ئێوەدا خەریکە دەکرێتەوە . ئەمن خودای گەورە و قادری خاوەن جەلال بە شایە د دەگرم کەمتر شەو و رۆژێکم گوزەراندوە کە ژاری تاڵی نفووزی بیانی لە لایە کەوە و بێ لیاقەتی بەڕێوەبەرانی وڵات لە لایەکی دیکەوە دڵی من و دڵی هە رخاوەن هەستێکی دیکەی بریندار و ناڕەحەت نەکردبێ . ئەورۆ دەبێ لەسەر پێی خۆمان راوەستین و پاڵ وە شمشێری بە توانای خۆمان بدەین و هەر لە ئێستاوە ئامادە بین خزمەتی گەورەتر ئەنجام بدەین لە رێگای میللەت و وڵاتی پیرۆز و برای موسوڵمان دا . )

وەزیری شەڕ و فەرماندەی کوللی هێز   رەزا

هێندێک دوای ئەو رووداوانە سێر پرسی لرن وەزیر موختاری ئینگلیس لە تاران لە 10ی ژانویەی 1923 (19ی جودەی1301 بەرامبەر 22ی جمادیە لئەوەلی 1341 ) لە نامەیەک دا بۆ نایبولسەلتەنەی هیندووستان دەنووسێ :

( ئەمن پێم وایە شتێکمان دەبێ هەمیشە لە بیر بێ کە ئەوە لە تارانە کە ئێمە دەبێ چۆنیەتی پێوەندی خۆمان لەگەڵ ئێران لە مەحەکی هەڵسەنگاندن بدەین و روون و ئاشکرایە کە یەک پارچە یی ئێران وپێکەوە مانی ئیمپراتووری ئێران بۆ بەرجەوەندیی گشتی و داهاتووی بریتانیا مەعنا و گرینگیە کی بەرچاوتری هەیە  لە قایم بوونی باڵا دەستیی ناوچەیی هەرکام لە تەحتولحمایەکانی ئێمە . پێم خۆشە سەرنجی ئە و جەنابە بۆ لایەنێکی دیکەی ئەو مەسەلەیە رابکێشم و داوا بکەم بە وردی بیری لێ بکرێتەوە . وادیارە دوای تێک شکانی خە باتی سمکۆ تەواوی وڵات بە هۆی ئەرتەشی نەتەوەیی ئێرانەوە شانسێکی ئاشکرای بۆ سەرکەوتن هەیە.)

## نامەیەکی مێژوویی لە جەنەڕاڵ قونسوولگەری ئێرانەوە بۆ وەزاڕەتی کاروباری دەرەوەی ئێران لە پیوەند دە گە ڵ سمایلاغای سمکۆدا .

وەرگیراو لە :گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی

192 ، 8 ی سەرەتانی 1301 بەغدا          جەنەڕاڵ قونسوولگەری ئێران لە بەغدا

Consulat general de perse a baghdad

مەقامی بالای وەزاڕەتی کارووباری دەرەوە، شەوکەتت پایەداربێ

ئەلبەتە کاربەدەستانی باڵا باش ئاگادارن کە مە نتە قەی عێراقی عەرەب بە هۆی شوێنە پیرۆزە ئایینیە کانەوە و بوونی ئایاتی عیزام وهاموشۆی شومارەیە کی زۆری زیارەتکەر و موسافیری ئێرانی و غەیرە ئێرانی کە لە شوێنی جۆراوجۆری ئێرانەوە و هەموو گۆشەیەکی دیکەی عالە مەوە سەر لێرە دەدەن گرینگیە کی زۆری هەیە بە تایبەت ئەو رۆژانە کە جەمعیەتێکی زۆری لێ کۆبۆتەوە و دنیا رووی تێکردوە . ئەمن کاتێک هاتمە بەغدا دیتم کە مەسەلەی سمایلاغای سمکۆ ، لێرە زۆری گرینگی پەیدا کردوە و لە هەموو مەجلیس و کۆڕێک باسی دەکرێ . هەموو روو لە من دەکەن و لە راستیی مەسەلەکە دەپرسن . ئەمنیش هەوڵ دەدەم بێ دەنگیان کەم و هەمیشە دەڵێم ئەوە مەسەلەیەکی گرینگ نیە و زۆر بۆ باس کردن نابێ و دەستی دەوڵەت بە مەدەدی خودای بە هێزە و بەو قسانە دەمیان دەبەستم تا ئەو رۆژانە

له ڕۆژنامەکانی (المفید و استقلال) ی بەغدادا شەرحێکم لە وبارەیەوە دیت کە ناوەرۆکە کەی پێشرەویی هێزی دەوڵەت و شکستی سمایلاغای سمکۆ و هاودەستانی بوو. تەحقیقاتم کرد دەرکەوت کە تێلگرافێک لە تە ورێزەوە بە هۆی حاجیە کە وە گە یشتۆتە بە سرە کە بۆ یەک نەفەر لە عولە مای (کاظمین) ناردراوە و ئەو رۆژنامانەش مەتڵە بە کەیان لە رووی ئەو تێلگرافەوە نووسیوە و وەک لە جێگای دیکەش رابیستوومە وادیارە خەبەرەکە راستە .

یەگ جار زۆرم پێ سەیرە کە بەو گرینگیەی ئەو خەبەرە هەیەتی و بەو گرینگیەی عێراقی عەرەب هەیەتی چۆنە وەزارەتی باڵا خەبەری بە جەنەراڵ قونسوولگەری نەداوە و ناوەندی ئێمەی بێ خەبەر هێشتۆتەوە . هەرچەند جەسارەتە بەڵام وادیارە بەرپرسا نی بەرێزێستا لە سەر گرینگایەتی عێراقی عەرەب ساغ نەبوونەوە . بە هەر حاڵ ئەوە کۆپیەی تێلگرافی ناوبراو دەگەڵ عە ینی رۆژنامەی ئیستقلال بۆ ئاگاداری ئێوەی بەرێز پێشکەش دەکەم . تکا دەکەم دەستوور بفەرموون لەوە بەولاوە خەبەرەکانی ئەوێ زوو بە جەنەراڵ قونسوولگەری رابگەیەنن با ئێرەش بە جوانی لە خەبەرەکانی وڵات ئاگاداربێ و زیارەت کەرەکان و موسافیرەکان و خەڵکی ناوەوە و دەرەوە کە پرسیارمان لێ دەکەن لە رووی ئەو زانیاریانەوە ئاگادار بکرێن .

## پەیمانی لۆزان و نامەی کارگوزاریی سابلاغی موکری لەو بارەیەوە لە 21ی سەرەتانی 1302ی ه،ش

دوای شکانی سمایلاغا لە (شەکریازی ) 25ی ژووئیە و(ساری تاج) ئوتی 1922 و جێگیر بوونی حکوومەتی کۆدەتا لە ئازەربایجان وکوردستان ، دەوڵەتی ئینگلیس هەروا وەزعی کوردستان و تورکیەی بە مەترسیدار دەزانی ، بۆیە شومارەیەک لە هێزەکانی خۆی بە فەرماندەریی ژنراڵ هارینگتون لە چاناک یانی بەشی ئاسیایی داردانێل دابەزاند . هێزی کە ماڵ پاشاش لەوشوێنە نزیک بوونەوە و واوێ دەچوو هەردوولایان دیسان دەست بەشەڕ بکەنەوە بەڵام هەردوولایان ئیحتیاتی لازمیان رعایەت کرد . عاقیبەت گرێبەستی مودانیا لە یازدەی ئوکتوبر بەینی کەمال پاشا و هاوپە یمانان ئیمزاکرا . ئەو گرێبە ستە رێگای بۆ باس کردن و فەیسەڵە دانی مەسەلەی کوردەکان کردەوە .رۆژی دوایی سێر ژان ادمونت نوێنەری ئینگلیس بۆ قایم کردنی بنەماکانی ئەو قەرارادە بە شێوەی رەسمی سمکۆی ئاگادار کردەوە کە دەوڵەتە کەی لایەنگری لە کێشەی کورد ناکا .

مانگێک دوای ئەوەش یانی لە بیستەمی نوامبری ئەوساڵەدا (1922)کونفرانسی سولح سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە لۆزان بەڕێوە چوو. ئەو کونفرانسە لە غیابی کورددا بەسترا و بریتانیا وەکوو لایەنگری بێ غەرەز و نەزەر و پشتیوانی ئازادی نەتەوەی کورد ؟ دەگەڵ ژنراڵ عسمەت پاشا دەستی بە وتوویژ کرد. عیسمەت پاشا پێ داگری دەکرد کە ناوچە نەفتیەکانی مووسڵ بە تورکیەوە بلکێندرێ بەڵام لورد کرزن دەگەڵ ئەو داوایە موخالیف بوو. ئەو وتوویژانە نزیک دوومانگی خایاند و سەرەنجام لە 24ی ژوئیەی 1923 بە بەستنی پەیمان نامەی لۆزان خاتیمەی پەیدا کرد . لەو پەیمان نامەیەدا روونکردنەوەی سنووری عێراق پێوەند درا بە گرێبە ستێکی بە ینی تورکیە و ئینگلیس کە قەیوومی وڵاتی عێراق بوو وکوترا ئەگەر ئەو گرییەستە زیاتر لە ساڵێک وەدرەنگی کەوێ هەر دوو لایەن حەکەمیەتی مەجمەعی ئیتیفاقی میلەل قوبووڵ بکەن و لەو ماوەیەدا استاتوکو رابگیرێ و مووسڵیش لە لایەن کارگێرانی هاوبەشی ئینگلیس و عێراق ئیدارە بکرێ و مەوزووعی سەربەخۆیی کوردستانیش بەردی لەسەر دابندرێ. سەنەدی خوارەوە راپۆرتێکە لەوبارەیەوە کە لە لایەن نوێنەری کاروو باری دەرەوەی ئێران لە مهاباد بۆ وەزارەتی کاروو باری دەرەوە ناردراوە.

(مەقامی باڵای وەزارەتی شکۆداری کاروو باری دەرەوەی ئێران ، شەوکەتت پایەدار بێ.

بە دوای تێلگرافی رەمزی شومارە 350 بە عەرزتان دەگە یەنم ماوەیەکە لە هەوڵ دام لە بارەی هیزەکانی ئینگلیس و عوسمانی لە دەرەوەی خاکی ئێران کە هاوسنوور دەگەڵ ورمێ و سابڵاغە تەحقیقاتی لازم ئەنجام بدەم و بە عەرزتان بگەیەنم . ئێستا بە گوێرەی تەحقیقاتی کە کردوومە ئینگلیسیەکان 2000کەسیان لە مووسڵ هەیە، هەزارو پێنسەد کەسیان لە رەواندز هەیە و لە ئەربیل و کەرکووک و مەحاڵی پشدەر و کۆی سەنجاق و عەقر و عمادیە چوار هەزار و پینسەد نەفەریان هەیە. ئەو هێزانە بریتین لە ئاسۆری و کوردی ئازا و هیندی و ئینگلیسی . عوسمانیەکانیش بەوزوانە هێزیان

هێناوەته جزیره (جوزوی دیاربەکر) که دوو فەرسەخ دەگەڵ مووسڵ فاسیلەی هەیە بەڵام هەردوولایەن خۆ لە شە ڕ دەپارێزن و قوشوونی هەردوولا زۆر دۆستانه پێکەوە هەڵس و کەوت دەکەن و ساحەب مەنسەبەکانی هەردوولا هاتووچۆی ئوردووی یەک تر دەکەن . لە مووسڵیش وابڵاو بۆتەوە کە لە کونفرانسی لۆزان بڕیار دراوە قەزیەی ولایەتی مووسل کە حودوودەکەی تا سامەڕا یانی نزیک بەغدایە تا ماوەی ساڵیک بەردی لەسەر دابندرێ و دوای تێپەڕ بوونی ماوەی باس کراو چارەنووسی روون بکرێتەوە . فڕۆکەکانی ئینگلیس حەوتووی جارێک رۆژی چوارشەممە دێنە رەواندز و دەگەڕینەوە . بۆ ئاگاداریتان . موبینولسەلتەنە. 1



از چپ به راست: علی آقای امیر اسعد ،نفر دوم علی خان مکری بن محمد حسین خان مکری که در سال ۱۳۰۴ شمسی حاکم مهاباد و در سال ۱۳۱۱ دار فانی را وداع گفت.



سید طه نهریه در بستر مرگ و درحال تبعید در تهران
( عکس اهدائی از جناب عالی جاه حاج خلیل موفقی )

1. گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی . دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی

## درێژەی هەیە